# پۆلیسێك وانەی ئەخلاقی كاری ڕۆژنامە نووسیم فێر دەكات

**گەرمیان حەمەخان**
Garmyan_86@yahoo.com



لەم ولأتەدا كە چارەنووسمان بە دەست كۆمەڵێك نەخوێندەوارەوەیە، ڕۆژانە دەیان شتی عەنتیكە دەبینین یان دەبیستین، ڕەنگە زۆربەی بەلامانەوە ئاسایی بێت، بەلأم هەندێكیان نەك هەر شیاوی قەبوڵ كردن نییە، بەڵكو دەبێت هەڵوێستی لەسەر وەربگیرێت و كەسی ئەنجامدەر ئیدانە بكرێت تا ئەوەی كە لێپرسینەوەی لە گەڵ بكرێت بۆ دووبارە نەكردنەوەی ئەوكارە، هەرچەند ئەوەی كە من باسی دەكەم ئەمە بۆ چەندەمین جارە دووبارە دەبێتەوە، ئەویش كاتێك لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێكی هاوكارم سەرقاڵی ئامادەكردنی ڕاپۆرتێك بووین كاتێ شۆفێری هێڵە ناوخۆییەكانی ناو شار لە كەلار مانیان گرتبوو، و داوای زیادكردنی كرێیان دەكرد، لە كاتێكدا سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی كارەكەی خۆمان بووین مەفرەزەیەكی پۆلیس بە دوو بابەهانەوە گەشتنە سەرمان و بێ هیچ پرسیارێك وەك پیاوێكی جاسوس و ئیتلاعات و هاودەستی تیرۆریست و دز نا،چونكە هەموو ئەمانەیان پاش دەستگیركردن بەو پەڕی ئیحتیرامەوە ئازاد كرد، بەڵكو وەكو پیرەمێردێكی بێكەس كە لە بێ شوێنیدا كولبەیەكی تەجاوزی دروست كردبێت یاخود گەنجێكی كاسبی دەستگێڕ كە خوا سەری لێشێواندبێ عەرەبانەكەی تۆزێ هێنابێتە سەر جادەكە، شانیان گرتم و فڕێیان دامە نێو بابەهان و لە نێوان دوو پۆلیسدا بردمیان بۆ مەركەزكە تائەوێ یەكێكیان بەخۆیەوە نووساندبووم نەوەك لە دەستی ڕابكەم، لەوێ بردمیانە ژوورێك ئەفسەرێكی تیابوو كە دوای پرسیار كردنی زانیم تەنانەت بڕوانامەی شەشی سەرەتاییشی نییە، پرسی ئەمە چییە؟

ووتیان ڕۆژنامە نووسە و هاتووە وێنەمان دەگرێت، تۆزێك تیم ڕاماو بە پێكەنینەوە ووتی : ئاخرمن و تۆ و ڕۆژنامە نووسی چی؟ بیبەنە سجن، ئینجا بە هەموو ئەفسەر و پۆلیسەوە كەوتنە پرسیاركردن لێم بێ ئەوەی ڕێگە بە وەلأم دانەوی من بدەن هەر بۆخۆیان بوون بە من و وەلأمی خۆشیانیان دەدایەوە، بە تەواوی سەرم لەو ئەفسەرە نەخوێندەوارە سوڕمابوو بە دەوام دەیوت بیبەن بۆ سجن بێ ئەوەی بزانێت تاوانەكەی من چییە؟ یاخود گوێ لە ئەلفێكی من بگرێت، پاشان لە سەر قسەی ئەو كامێراو ڕكۆردەر و مۆبایل و هەمووشتەكانیان لێ وەرگرتمەوەو بردمیان بۆ ژووری بەندیخانە، وتیان جارێ ڕاوەستە پاش كەمێك بانگیان كردمەوە ژوورەكەو ووتیان تۆ سێ هەڵەت كردووە.

یەكەم ـ هەڵنەواسینی باج (لە كاتێك دووباجم پێدابوون)

دووەم ـ پرسی قایمقامت نەكردووە بۆ ئامادەكردنی ڕاپۆرتەكەت و وێنە گرتن

سێ یەم ـ لەناو شەقامی گشتی خەركی وێنە گرتن بووی.

پاش سڕینەوەی وێنەكان پێیان ووتم ئێستا دەتوانیت بڕۆیت، بەلأم ئەم هەڵە دووبارە نەكەیتەوە.

پاش ئەوان پۆلیسێك لەدەرەوە پێی ووتم (تۆ كە ڕۆژنامە نووسیت چۆن نازانیت ڕەسم گرتن مەمنووعە، ئینجا تا پرسی قایمقام یان یەكێ تر نەكەی چۆن لە خۆتۆ ئیشی وائەكەیت و لەسەر حكومەتە نووسی تێگەیشتی؟)

ئەرێ وەڵلأهی ئەوەندە باش تێگەشتم كە خودا بە قورئان و پێغەمبەر بەیەك ملیۆن فەرمووده ئێوەی تێنەگەیاند، من و هەزاری وەك من بە ڕاپۆرتێك و یەك ترلیۆن وتارو ڕاپۆرت ئێوەمان بۆ تێناگەنرێت.